**چەند تێزێك لەبارەی :**

## بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی و ڕەخنە لە شێوە کاری پۆپۆلیستی

**منسور حیکمەت**

پاش دەیان ساڵ زال بوونی ڕیڤیزینزم و ئۆپۆرتۆنیزم، بەشکل وشێوەی جۆراوجۆر، بەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهاندا بە گشتی و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئیراندا بە تایبەتی، ئەمڕۆ بەرەوپێش چوون و سەرکەوتنی بزوتنەوەکەمان لە خەبات بۆ سۆسیالیزم و وەدیهێنانی شۆڕشی کۆمەلایەتدا، بە تەواوی بەژیاندنەوەی هەمەلایەنەی مارکیسزمی شۆڕشگێرو بۆلشەویزمەوە گرێ دراوە.

ئێستا دەیان ساڵە کە خەبات و پراتیکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە لە ئاستی جیهاندا تووشی وەستان و دامرکان کراوە, بۆشایی دەیان ساڵەی کاری کۆمۆنیستی بەبیروڕاو کردەوەی گەندەڵی ڕیڤیزنستی پڕکراوەتەوە. شوورەی وچین کە خۆیان بەنووێنەری ڕەسمی مارکسیزم لە مەیدانی نیونەتەوەیدا لە قەلەم دەدەن، بەناوی کۆمۆنیزم، دژی پرۆلیتەری ترین تیئۆری و سیاسەت وشێوەکاریان برەوپێ داوەو پەیرەویان لێ کردوە. لە پالەوە بەڕوالەت لە بەرانبەر ئەم ڕیڤیزینزمەوە ڕەسمی یەدا، چەند ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەی بەهەمان ڕادە ڕیڤیزینزم وەك تروتسکیزم و کۆمۆنیزمی ئەوروپی، کەلە پوورو سونەتەکانی نەزەری و عەمەلی بزوتنەوەکەمان دەگۆڕن و گەوێڕی ئەدەن. بێجگە لەوانە، بە تایبەت لە ولاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا، شۆڕشگێڕیەتی ناشیلگیرو تەحدیدیگەرایانەی وەردەبۆرژوازیش، بەم شێوەی سەرەکی لەسەر بناغەی پۆپۆلیزیم و ناسیونالیزم و سۆسیالیزمی وردەبۆرژوازی، لە ژێر ناوی مارکسیزمدا گەلێك تەحریفی وگۆڕین و چاوخشاندنەوەی پەشیمانی ئامێز تازە، لە حوکمە بنەڕەتی یەکانی تیئۆری و بنەماکانی پراتیکی مارکسیزمی شۆڕشگێردا پێك دینن. بەرانبەر بە هەموو ڕەوتە ڕیڤیزینزم و وەردەبۆرژوا- سوسیالستەکان، بەنارمەی حزبی کۆمۆنیست پێناسی ئێمەی وەك مارکسیزمی شۆڕشگێر بە ڕوونی دیاری کردوە. ئێمە پەیوەندمان هەر بەو بزوتنەوە چینایەتی یە جیهانی یەوە هەیە کە مانیفیستی کۆمۆنیست سەرەتای قەوارەگرتنی ڕاستەقینەیەتی و شۆڕشی ئۆکتۆبەر شاهیدی ڕاوەستاویی وشیلگیریەتی لە ریکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی پرولیتاریادا. ئێمە بەشێکین لەو بزوتنەوەیە کە نەك هەر دەستی لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجی مانیفستی کۆمۆنیست نەکێشاوە، نەك هەر ئامانجەکانی خۆی دانەشکاندوە، بەڵکوو سوورە لەسەر ئەوەی کە بۆشایی دەیان ساڵەی کاری کۆمۆنیستی پڕکاتەوە وبەرابەر بە هەموو تەحریف وگوڕینێکی بۆرژوای و وەردەبۆرژوایی لە مارکسیزمدا، بە ئیرانی و جیهانی یەوە، سەر لە نۆی مارکسیزمی شۆڕشگێرو ڕێ و ڕەوشتنی بۆلشەویکی جێگیر بکاتەوە . ژیاندنەوەی بۆلشەویزم !

ئەمەیە ئامانجی بەرزی کۆمۆنیستی بزوتنەوەی ئێمە، ئامانجێك کە جیاکەرەوەی بزوتنەوەکەمانە لە هەموو ئەو ڕەوتانەی وا سوسیالیزمیان بە گوێرەی ئامانجی نزمی چینایەتی خۆیان داشکاندوە. ئامانجێگ کە جیاکەرەوەی بزوتنەوەکەمانە لە هەموو ڕەوتە ڕیڤیزینستەکان وردەبۆرژوای – سوسیالیستەکان.

ئەمڕۆ، لەبارودۆخێکی ئەوتۆدا کە ڕیڤیزینزم بەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهاندا زاڵە، ناتوانین بۆ وەدیهێنانی سۆسیالیزم خەبات بکەین، بێ ئەوەی بە هەمان خۆڕاگری گوڕو تواناوە لەشەڕی بێ ئامانی لە پێناو ژیاندنەوەی بۆلشەویزمدا تێوەچین. ئێستا بە حوکمی هەول مەرجی عەینی و بارودۆخ و پێداویستی پراتیکی بزوتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریا سەردەم، سەردەمی لەناو چوونی جیهانی و مێژوویی ڕیڤیزینزمە. زاڵ بوونی مارکسیزمی شۆڕشگێر بەسەر ڕیڤیزینزمی پۆپۆلیستی لە ئیراندا و پەیدابوونی ڕیزێکی یەکانگیری کۆمۆنیستی لە ژێر ئالای بەرنامەی حیزبی کۆمۆیستدا، خۆی بەشێك لەو جوولانەوە مێژوویە کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێر بۆ وەدیهینانی ئامانجە مێژوویی یەکانی خۆی بەرەو ژیاندنەوەی بۆلشەویزم دەستی داوەتێ . بەلام خەبات بۆ ژیاندنەوەی بۆلشەویزم، تەنیا خەباتێکی نەزەرەی نییە، بەڵکو لەهەمان کاتدا پێویستی بە خەباتێکی لێبڕاوانە بۆ دۆزینەوەو چەسپاندنی سەرلەنوێی سوونەتەکان و ڕەشتە کۆمۆنیستی یەکانیشە. ئەو سوونەتە ڕوشتانەی کە لە پال تیئۆری و بەرنامەی شۆڕشگێرانەی مارکسزمدا، نیشانکردنێکی بنەڕەتی جینەکراوەن بۆ دیاری کردنی پێناسی جیاوازو سەربەخۆی کۆمۆنیستەکان، لەبەرانبەر حزب و هێزە سیاسییە ناپرۆلیتەریەکان و ڕەوتە نا کۆمۆنیستی یەکانی ناو بزوتنەوەی چینی کریکاردا. مارکیسزمی شۆڕشگێر خۆی ڕەوتێکی زیندووی چالاکی ناو بزوتنەوەی چینی کریکارە کەنەك هەر بەتیئۆری و ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی دا، بەڵکو هەروەها بەڕەوشت و سوونەتەکانی تایبەت بە پراتیکی خۆیدا دەناسرێتەوە لە غەیری خۆی جیادەکریتەوە. ئەو سوونەت و ڕەوشتانە کە تایبەت بە کۆمۆنیزم وکۆمۆنیستەکانە. ئەو سوونەت و ڕوشتانەی کە پاڵیان بە ئامانج و بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزمەوە داوە، جووتی تەواوکەری جیاکەرەوەی بەرنامەکەو پێناسی عەمەلی بزوتنەوەکەمان دیاری دەکا. زال بوونی ڕیڤیزینزمیش خۆی هەر تەنیا بە مانای گۆڕینی بەردەوامی تیئۆری ولادان لەبەرنامەی مارکسیزم و گەویرکردنی پێناسی نەزەری کۆمۆنیستەکان نەبووە. بەڵکو بە تایبەت هەتا گەویرکردن وسڕینەوەی ئەم سوونەت و ڕوشتانەش لەکاروباری تەبلیخ، تەرویج، ڕێکخستن، خەباتی نێوخۆیی حزبی ودانان و بە دەستەوە گرتنی تاکتیك دا، بەکورتی لە هەموو لایەنەکانی پیناسی عەمەلی کۆمۆنیستی دا ڕۆیشتووەتەخوارێ. مانیفستی کۆمۆنیست چوارچێوەی گشتی ئەم ڕەوشتانەی دیاریکردوە. لینین و حزبی بۆلشەویك ئەم ڕەوشتانەیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی پراتیکدا، لە کاری ڕۆژانەی هەڵسووڕانی شانە حزبی یەکانی ناو چینی کریکار، لە شێوەکانی تەبلیغ، تەرویج، ڕێکخستنی حزبی وجەماوەری چینی کریکاردا. لە پەیوەندیەکانی نێوخۆی حزب و پێوەرەکان ( موازین )ی سانترالیزم و دیموکراسی نێوخۆی حزبدا، لە ڕێکخستن و ڕێکخراوبوون و بەدەوری ئۆرگانی سیاسی و ئەدەبییاتی سەرانسەری حزبی داو لە خەباتی دژی پۆلیسی سیاسی دا، بە کورتی لە کاری بەردەوام و ڕێك و پێکی حزبی یەوە هەتا ڕێکخستنی ڕا پەڕینی جەماوەری و شتی تر، هەموویان وردکردوەتەوەو بە دەستیانەوە گرتووە. ئەم ڕەوشتانە هەقیانەت بوونی خۆیان ورێك هاتنەوەیان لەگەل ئوسووڵی خەوش هەڵنەگری تیئۆری مارکسیزم بەگەلێك جار لە پراتیکی بەشە لێك جیاکانی چینی کریکاری جیهانی دا سەلماندوە .

ئەمڕۆ خەبات لە پێناو ژیاندنەوەی بۆلشەویزمدا بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێری ئیران مانایەکی عەمەلی تایبەتی پەیداکردوە .نزیك بە چوار ساڵ خەباتی ئیدیۆلۆژیکی ئامانحدار، بەتایبەت بەدژی ریڤیزینزمی پۆپۆلیستی، لە ناوجەرگەی شۆڕشێکی مەزن و لەناو بەربەرەکانەی دەستەو یەخەی ئاشکرای چینەکاندا، توانای ئەوەی بەبزوتنەوەکەمان بەخشیوە کە پێناسی سەربەخۆی ئیدیۆلۆژیك– سیاسی پرۆلیتەری خۆی بدوزیتەوەو جێگیری بکا. بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی هەمەلایەنەی مارکسیزمی شۆڕشگێری ئیران لە شێوە جۆراو جۆرەکانی ڕیڤیزینزم وسوسیالیزمی ناپرۆلیتەری یە، ئالای سەربەخۆی ئیدۆلۆژیك–سیاسی، نەك هەر بەرامبەر بەهەموو ڕیڤیزینزمی پۆپۆلیستی، بەڵکو بەرانبەر بە هەموو چەشنە ڕیڤیزینزمێك. ئەم دەسکەوتە چارەنووس دیاریکەرە ئێمەی گەیاندوەتە بەردەرگای پیکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئیران. ئەرکی دەس بەجێ پێویستی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیست و ئەو پراتیکە بەرینە کۆمۆنیستی یە کە هەر لە ئیستاوە لەگەل بلاوکردنەوەی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستدا چوەتە دەستووری کارمانەوە. زیاتر لە جاران پێداگری دەکا لەسەر پێویستی دەست بەجێی بزووتنەوکەمان بە دوزینەوەو جیگیرکردنی پێوەرەکان (موازین)و ڕەوشتەکانی پراتیکی بۆلشەویکی . ڕاستی یەکان وتاقی کردنەوەکانی بەرەوپێش هاتنی مارکسزمی شۆڕشگێری ئیران بەدرێژایی ئەم شۆڕشە،سەلماندوویانە کەڕەوشتە پۆپۆلیستی یەکان نەك هەر خزمەت بە ئامانجە کۆمۆنیستی یەکان ناکەن بەلکوو ڕێگری لەوەدی هاتنیان دەکەن، سەلماندوویانەکە هەر تەنیا پراتیك بە شیوەی بۆلشەویکی یە کە دەتوانی ئامانج و بەرنامەی کۆمۆنیستی وەدی بینی. پێکهێنانی حزبی کۆمۆنستی ئیران لە کردەوەدا هەر تەنیا لە سەربناغەی جیاکردنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێر، لە ڕیڤیزینزم، جیاکردنەوەیەك کەهەر ئیستا لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستدا بەڕۆشنی دەردەکەوی، ئیمکانی نابی حزبی کۆمۆنیست ئورگانی سەربەخۆیی نەزەری وعەمەلی پرولیتاری شۆڕشیگرە، هەر لەبەرە ئەوە بۆ پیکهێانی حزب، پێوستە هێزەکانی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست، دەستیان بە تیئۆری لینینی تەشکیلات وپیوەرەکانی بۆلشەویکی هەڵسوڕانی عەمەلی ڕابگا.

ئەمەیە کلیلی پێکهێنانی بەکردەوەی حزب لە بارودۆخی ئیستاماندا. لەلایەگی تر دەست ڕاگەیشتن بە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست و تێ شکان و مایە پوچ بوونی ئاشکرای ریڤزنیزمی پۆپۆلیستی لە هەردوو مەیدانی تیئۆری وپراتیکدا، بزوتنەوەکەمانی هێناوەتە هەل ومەرجێکی هەرە لەبار بۆ هەڵگرتنی دوا هەنگاو و لەرێبازی پیك هینانی حزبی کۆمۆنیستدا. کۆنگرەی یەکەمی (اتحاد مبارزانی کمونیست ) بە دوورو درێژی مەسەلەی ڕەوشتە عەمەلی یە کۆمۆنیستی وپۆپۆلیستی یە کانی خستە بەرباس و لێکۆلینەوەو پێی لەسەر جیگاو گرنگی ئەم مەسەلەیە لەکاری پیکهینانی حزبی کۆمۆنیست دا و لە ڕاست کردنەوەو پەرەپیدانی مارکیزمی شۆڕشگێردا، داگرت. ئێمە سوورین لەسەر ئەوە کە لیبڕاوانە لە ڕێڕەوی ڕەخنەگرتن لەڕەوشتە پۆپۆلیستی یەکان لە ڕیزی مارکسیزمی شۆرشگردا، لەرێرەوی دابڕانی هەمەلایەنەی چینایەتی لەم ڕەوشتانەو جێگیرکردنی بنەماکانی پراتیکی کۆمۆنیستی لەهەموو ئاستیکی کاری عەمەلی دا خەبات بکەین. ئەم تیزانەی خوارەوە لەسەر بناغەی باسەکان و لێکۆلینەوەیان و کۆکردنەوەی ئەو باسانە لە " کۆنگرەی یەکەمی اتحادی مبارزین کمونیستدا"، نووسراونەتەوەو ڕێك وپێك کراون و خاڵی بۆچوونی تیئۆریکی ئێمەدەبن لە جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە دەست بەجێ پیویستەماندا .

1- دەست پێ ڕاگەیشتنەوە و پتەوکردنی تیئۆری لینینی تەشکیلات و سوونەت و ڕەوشتەکانی پراتیکی کۆمۆنیستی لە ریزەکانی ئێمەدا ، تەنیا بە ڕەخنەی هەمەلایەنە لە تیئۆری تەشکیلات و بنەماکانی شێوەکاری عەمەلی پۆپۆلیستی و بەتێگەیشتن لە خەسلەتی وەردەبۆرژوایانەی ئەم تیئۆری و ڕەوشتانە ئیمکانی هەیە :

تیئۆری مارکسیزم و بنەماکانی پراتیکی کۆمۆنیستی بێ گومان لەسەر هەندێك ئوسوول و ئەحکامی عەمەلی ڕاوەستاوە کە بە عام دەکرێ وەکو زانست ڕاستەخۆ وەربگیرێ وفێری بن. بەڵام تێ گەیشتنی قوول وسەراسەری وگشتی لەم ئەحکامەو ماددەی بوونیان لە ئاستی بزوتنەوەیەکی دیاری کراودا هەمیشە پێویستی بەوەیە ڕەخنە لەو ڕاونگەو بۆچوونە ناپرۆلیتەریانە بگیرێ کە لە کردەوەدا سەردەم بە سەردەمی دێنە سەر ڕیگای پەرەپێدان و جێگیرکردنی بیروڕای مارکسیستی. فێربوونی مارکسیزم لە بزوتنەوەیەکی چینایەتی دا تەنیا بە خەبات کردن لە دژی بیروڕای لادەر لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا ئیمکانی هەیە. وەك چۆن بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست بەرهەمی خەباتی ئیدیۆلۆژیك لە دژی ئەو کۆسپە نەزەری یە بۆرژوایی و وردەبورژوایی یانەی ناو بزوتنەوەکەما بوون، جێگیرکردنی شێوەکانی پراتیکی کۆمۆنیستیش، هەرچەند ئەم شێوانە لەباری زانیستی و شۆڕشگێری یەوە دروست بوونی خۆیان بە گەلێك جار سەلماندبێ مەیسەر نابێ مەگەر بە ڕەخنەگرتنی هەمەلایەنە لەو بۆچونە تەشکیلاتی یانەو لەو ڕەوشتە عەمەلی یانە کە تا ئێستا بەناوی مارکیسزم و بەسەر پراتیکی بزوتنەوەکەماندا زال بوون وبردوویانە بەلارێدا .

تێگەشتنی ئوسوولی پراتیکی کۆمۆنیستی لە بزوتنەوەی ئێمەدا، بەتایبەت ڕێکخستنی بزوتنەوەیەکی عەمەلی خاوەن مەودایەکی پراتیکی بەرین لەسەر بناغەی ئوسوولی عەمەلی بۆلشەویکی، پیویستی بە دابڕانی چینایەتی تەواو لە هەموو بۆچوون و ڕەوشتێکی عەمەلی پۆپۆلیستی هەیە. خەباتی نەزەری مارکسیزمی شۆڕشگێری ئیران لە ڕێڕەوی پەرەپێدانی پراتیکی خۆی وپێکهێانان وپتەوکردنی حزبی کۆمۆنیستی ئیراندا ئێستاپێویستە هێزی خۆی بخاتە سەر ڕەخنەگرتن لە " پۆپۆلیزم لە عەمەلدا " و سەر نیشاندانی بنەماکانی هەڵسوڕانی عەمەلی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا .

2- هەر تەشکیلاتێکی سیاسی ناچار ئامرازی جێ بەجێ کردنی سیاسەت و ئامانجێکی دیاریکراوی چینایەتی، تەشکیلات پەیرەوێکە لە بەرنامەو سیاسەت، خەسلەتی سەرەکی و بنەکانی ڕیبازی عەمەلی و شێوەکاری هەر تەشکیلاتیش لە ئەنجامدا لەگەل ئەم سیاسەت و ئامانجانە ڕێك دەێتەوە. کەواتە ڕەخنەی مارکسزمی شۆڕشگێر لە تیئۆری تەشکیلات و شێوەکاری پۆپۆلیستی نەك ڕەخنەیەکی فنی ( تکنیکی ) بەڵکو ڕەخنەیەکی سیاسی – چینایەتی یە :

کارکردی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی کارکردێك لە ڕووی هەڵکەوت، ئیختیاری یا لەڕووی ناشارەزایی بزوتنەوەی پۆپۆلیستی لە بنەماکانی کاری کۆمۆنیستی نییە. تەشکیلاتی و ڕەوشتەکانی پراتیکی پۆپۆلیستی ئاکامی تەجەسومی ( تجسم ) بێ ئەم لاولای بۆچوونی تیئۆری– سیاسی و ڕیبازو ئامانجی بەرنامەیی

پۆپۆلیزمە . بێ گۆمان ڕەخنەی ئێمە لە پۆپۆلیزم لە مەسەلەی تەشکیلاتدا تەنیا کاتێك تەواو وکامل دەبێ کە کارکردی پۆپۆلیزم لە مەیدانە جۆراو جۆرەکانی هەڵسوڕانی ناوخۆیی و دەرەوەی تەشکیلات و لەبەرابەر مەسەلەی عەمەلی جۆراوجۆردا بدەینە بە لیکۆڵینەوە. بەلام ڕەخنەی مارکسیستی ئەوە دەخوازێ کە ئێمە لە پێشدا بنەمای تیئۆریك-سیاسی جولانەوەی تەشکیلاتی– عەمەلی پۆپۆلیزم بناسین وجەوهەری بۆرژوایی، چوونیەکی بیروڕای تیئۆریك سیاسی پۆپۆلیزم لەگەل پراتیکی پۆپۆلیزم دەرخەین. ئەمە کلیلی ڕەخنەگرتن لە شێوەکاری پۆپۆلیستی یە و مەجی پێویستی پەرەپێدانی ئەم ڕەخنەیە لە مەیدانە موشەخەس ترەکان و لە بەرانبەر مەسەلە کۆنکریتەکاندایە. بە ستنەوەی ڕەخنە تەنیا بە لایەنی تکنیکی و ئیجرایی شێوەکاری پۆپۆلیستی و لە دەست بەردانی ئەم کلیلە ئەسلی یە یە.

3- ڕوانینی پۆپۆلیستی لە مەسەلەی تەشکیلات، ڕوانینێکی گونجاو لەگەل شۆڕشگێڕیەتی بەرچاوتەنگانەی وردەبورژوایی دایەو تەشکیلات وڕەوشتە پۆپۆلیستی یەکان، لەباشترین حالەتی خۆیدا، تەشکیلات ڕەوشتێکی گونجاوە لەگەل ئامانج وسیاسەتی وردەبۆرژوایی لەناو بزوتنەوەیەکی دیموکراتیکی گشتی دان. لەبەرانبەردا، تیئۆری کۆمۆنیستی تەشکیلات، ئەو تیئۆری تەشکیلاتیەیە کە لە ئامانج و سیاسەتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا، وەك چینێکی دیاریکراو، دیتەدەر. تەشکیلات و ڕەوشتە عەمەلی یە کۆمۆنیستی یەکان، ڕەوشتیکن کە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریا لە دژی سەرمایەداری، بۆ دامەزراندنی دیکتاتوری پرۆلیتاریا وسۆسیالیزم پیویستن:

هەروەك ووتمان جیاوازی بنەرەتی لەنیوان ڕوانین وکارکردی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی و ڕوانین و کارکردی کۆمۆنیستی دا، جیاوازیەك نییە کە هەر تەنیا لایەنە تەکنیکی یەکانی پراتیکی تەشکیلاتی بگریتەوە. ئەم جیاوازی یە لەبنەرەتدا لە وەلامی جیاوازی ئەم دوو ڕوانینەدایە بە پرسیارێکی سەرەکی ئیدۆلۆژیك– سیاسی، تەشکیلاتی شۆڕشگێر، تەشکیلاتێکە بۆ ڕێکخستن و ڕابەری کردنی شۆڕش وکام سیاسەت و کردەوەی شۆڕشگێرانە فەلسەفەی بوون و مەوزعیەتی کاری ئەسلی تەشکیلاتی پۆپۆستی و تەشکیلاتی کۆمۆنیستی یە ؟ وەلامی پۆپۆلیزم و مارکسیزمی شۆڕشگێر بەم پرسیارە، ناوەڕۆکی چینایەتی تەواو جیاوازی ئەم دوو ڕوانینە لەمەسەلەی تەشکیلات و ڕەوشتەکانی هەڵسوڕانی عەمەلی ئاشکرا دەکا . ڕیزیۆنیزمی پۆپۆلیستی هەرچەندی بەقسە ئەحکامی مارکسیستی دووپات کاتەوەو پێی لەسەر داگرێ لە پراتیکدا بە تەواوی خۆی بە سنووری ڕێکخستنی شۆڕشگێڕیەتی وردەبۆرژوایی یەوە دەبەستێتەوە. وەك چۆن شۆڕشگێریەتی وردەبۆرژوای لە خەباتی شێوە ئەنارشستی دژی دەوڵەتی، یا لەباشترین حالەتی خۆیداو لە ژێر فشاری پرۆلیتاریادا، لە خەباتێکی سەرووچینایەتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجی دیموکراتیك – شۆڕشگێڕانە تێپەڕنابێ، تەشکیلاتی پۆپۆلیستیش لە باشترین حالەتی خۆیدا، وەك ئامرازێك بۆ ڕێکخستنی کردەوەو سیاسەتی دیموکراتیك – شۆڕشگیرانە بەناوەڕۆکیکی بەناچار سەرووچینایەتی و وردەبۆرژوایی دەمینیتەوە. ڕیڤیزنیزمی پۆپۆلیستی دیموکراتیزمی ناشیلگیری وردەبۆرژوای لە لەفافەی سۆسیالیزم ومارکسیزمدایەو هەر بۆیەش پێویستی ڕێکخراوبوون وتەنانەت پێویستی حزبی کۆمۆنیستیش لە پیداویستی یەکانی بزوتنەوەیەکی دیموکراتیك دەردەکێشێ و ئەوی بەلاوە ئامرازیك بۆ وەلامدانەوەی ئەم پێداویستی یانەیە .

لەبەرانبەردا فەلسەفەی بوونی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی وحزبی کۆمۆنیست شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریاو ڕێکخستنی سەربەخۆی پرۆلیتاریا بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم شۆڕشەیە، پێویستی ڕێکخراووبونی کۆمۆنیستی، نەك لە تاکتیکەکان و پێداویستی یەکانی فلان قوناغی خەبات، بەڵکو لە ئاکامانجە بەرنامەیی و گشتی یەانی مارکسیزم ،واتە لە خەبات بۆ دیکتاتۆری پرۆلیتاریاو سۆسیالیزم دەردەکێشرێ. ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و حزبی کۆمۆنیست بە حوکمی بنەرەتی ترین تاییەتمەندی کۆمەڵگای سەرمایەداری، واتە خەباتی هەمیشەیی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی، خەباتی چینی کریکار وەك چینێکی کۆمەلایەتی لەدژی چەوسانەوەی ئابووری و کۆیلەیەتی سیاسی خۆی بە گشتی لە کۆمەلگای سەرمایەداریدا یە کە پێویستی پەیدا دەکا. وە دەبێ وەلام بە پیداویستی یەکانی ئەم خەباتە بداتەوە. مادام سەرمایەداری و خەباتی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی لە کایەدایە، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریایش بۆ ڕێکخستنی ئەم خەباتە لەسەر بناغەی ئوسوولی پایەداری نەزەری وعەمەلی، پیویست دەبێ . بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست قامك لەسەر جیگای حزبی کۆمۆنیست وەك ئامرازیکی خەبات بۆئەم ئامانجە پایەدارو سەربەخۆی چینایەتی یە دادەنی. بەرنامەی کۆمۆنیستی، بەئەرکی سەرشانی کۆمۆنیستەکانی دادەنی تەشکیلاتێکی ئەوتۆ دروست بکەن کە جیاواز لە هەر بارودۆخیکی تاییەتی سیاسی، هەمیشەو لەهەر بارودخێکدا چینی کریکار لە قازانجی سەربەخۆی چینایەتی ونێونەتەوایەتی خۆی تێ دەگەیەنی و بێ وچان لە ڕیزی حزبی سیاسی سەربەخۆی خۆیان– حزبی کۆمۆنیست– دا ڕێك دەخا، هەموو لایەنێکی خەباتی عەمەلی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی ڕێك دەخاو ڕابەری دەکا . دووبەرەکایەتی وقلشتی ناو ڕیزەکانی بزوتنەوەی ئەم چینە لەناودەباو لە هەر خەباتێکی عەمەلی دا بەرانبەر بە هەموو ڕەوتێکی ناچینایەتی و پرۆلیتەری، نوینەرایەتی لە قازانج و بەرژەوەندی کوللی چینی کریکا دەکا. حزبیك کە چالاکانە لە هەموو هەول و مەرجیکی تاکتێکی تاییەت کەڵك وەردەگرێ لە پێناو قازانجی ڕێکخراوبوون وشیاربوونەوەی سوسیالیستی فراوانتری چینی کریکاردا، لە پیناو پیکهینانی ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتاریای وشیار بەسەر قازانجی چینایەتی خۆیدا، لە پێناو پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتەکانی بۆرژوازی و لە پێناو ئەوەدا کە چینی کریکا بەکردەوە لەدەستەلاتی سیاسی نزیك بیتەوە. ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و حزبی کۆمۆنیست بەرهەم و سیمای عەمەلی ( تەشکیلاتی ئامانج و سیاسەتی پرۆلیتەری، واتە ڕێکخستن و ڕابەری کردنی شۆڕشی سۆسیالیستی یە . ئامرازی ڕێکەوتن و تێکۆشانی چینێکی دیاریکراوە واتە پرۆلیتاریایە و لەباری عەمەلی یەوە ڕێکخراووبوونی سیاسی پیشڕەوترین و وشیارترین بەشەکانی چینی کریکارە. ئەم سیاسەتە پایەدارە سوسیالیستی یە کە دەڕوانێتە سەر ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لەگەل پەیوەندی چینایەتی تاییەتی ئەم ڕێکخراوە، دیاریکەری خەسڵەتی چینایەتی و تاییەتمەندی یە ئەسلی یەکان و ڕەوشتە عەمەلی یەکانی کۆمۆنیستەکانە لە مەیدانە جۆراجۆرەکانی هەڵسوڕاندا و لە هەموو ڕوویەکەوەو لە هەموو وردەکاریەکدا لە ڕەوشتی عەمەلی وەردەبۆرژوایی جیایان دەکاتەوە .

4- تەشکیلاتی پۆپۆلیستی وەك ئامرازی ڕێکخستنی دیموکراتیزمی وردەبۆرژوایی تەنانەت توانای خەباتی شیلگری لە ڕێڕەوی

وەدیهینانی ئامانجە شۆڕشگێرانەو دیموکراتیەکاندا نییە. لەبەرانبەردا حزبی کۆمۆنیست وەك ڕێکخراوی پرۆلیتاریای سۆسیالیست، ڕێکخەرو رابەری شیلگیری هەر بزوتنەوەو شۆڕشیکی دیموکراتیکە لە سەردەمی ئیمەدا :

شۆڕشی ئیران ئەم حوکمە بنەڕەتی یە مارکیسزم – لینیزمی بەشێوەیەکی حاشاهەلنەگر سەلماندوە کە هیچ بزوتنەوەو شۆڕشێکی دیموکراتیك لەسەردەمی ئێمەدا ناتوانی بێ ڕابەری پرۆلیتاریای وشیار سەربەخۆو ریکخراو بەسەرکەوتن بگا. بەم جۆرە پۆپۆلیزم و تەشکیلاتی پۆپۆلییستی لەگەل ئەوەشدا کە خۆی هەر بە سنووری ئامانج و سیاسەتی دیموکراتیکەوە نەستووەتەوە ، تەنانەت ناتوانی شیۆرشی دیموکراتیکیش کە فەلسەفەی بوونی تەشیلاتی پۆپۆلیستی یە ریك بخاو رابەری بکا. پۆپۆلیزم و تەشکیلاتی پۆپۆلیستی بە پشت گۆی دانی ریکخستنی سۆسیالیستی و سەربەخۆی پرۆلیتاریاو لەڕاستیدا بەدانانی کۆسپی نەزەری و عەمەلی لەسەر ڕێگای ئەم ڕێکخستنە سەربەخۆیە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بە کردەوە شۆڕشی دیموکراتیش لەبەر مەرجی پیویست و چارەنووس – دیاریکەری سەرکەوتنەکەی بێ بەری دەکا . تواندنەوەی ریزی پرۆلیتاریا لە ریزی گشتی گەلدا ، پال پیوەنانی چینی کریکار بەرەودەست هەلگرتن لە دۆرشم وسیاسەتی سەربەۆخۆی چینایەتی خۆی لە بزوتنەوەی دیموکراتیکدا ولاوازکردنی ڕابەری پرۆلیتاریا لەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا. ئەمەیە بەرهەمی کارکردی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی لە شۆڕش و بزوتنەوەی دیموکراتیکدا .

لەبەرانبەردا، ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی وحزبی کۆمۆنیست، وەك ڕێکخراوێکی چینایەتی پرۆلیتاریای وشیار، ڕێك لەبەر ئەوە کە لە سەرکەوتنی کاملی هەر بزوتنەوەو شۆڕشێکی دیموکراتیدا بۆ زەمینەی لەبار بۆ بەرەوپێشی چوونی بێ وچانی چینی کریکار لە ڕێرەوی شۆڕشی سوسیالیستی وگەیشتن بە دەستەلاتی سیاسی دەگەڕێ، ڕێك بەوبۆنەوە کە خوازیاری کامل ترین سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیك و واوەترچوونی پرۆلیتاریا لە بازنەی دیمۆکراسی شۆڕشگێرە، هەربۆیە شێلگیرترین چالاکترین و لەسازان بە دوورترین سیاسەت لەناو بزوتنەوەی کۆمۆستیدا بەدەستەوە دەگرێ . کۆمۆنیستەکان لە شۆڕشی دیموکراتیکدا خوازیاری پیکهێنانی ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتاریا، دابین کردنی رابەری پرۆلیتەری بەسەر بزوتنەوەدا وڕێکەوتن و کۆبوونەوەی جەماوەری بەرینی زەحمەتکیشانی غەیرە پرۆلیترە لە ژێر ئالای ئەم ڕابەری یەدان. بەم جۆرە کۆمۆنیستەکان نەك هەر بانگەوازی پرۆلیتایا دەکەن کەچالاکانە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیك خەبات بکا، نەك هەر ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتەری لەم بزوتنەوەیەداو لە ڕیزی بەرەوەی ئەم بزوتنەوەیەدا پێك دێنن و ڕێك دەخەن بەڵکو شیلگیرترین کەسان لە بەرچاودەگرێ بۆ وشیار کردنەوە ڕێکخستنی توێژە زەحمەتکێشە غەیرە پرۆلیتەریەکان لە ژێر ئالای سیاسەتی پرۆلیتەری و ڕابەری پرۆلیتەری بەسەر بزوتنەوەی دیموکراتیکدا .

5- جیاوازی بنەڕەتی چینایەتی نێوان پۆپۆلیزم ومارکسیزم لە دیاریکردنی ئامانج و سیاسەتێکدا کە دەڕوانێتە سەر تەشکیلات، سەرچاوەی هەموو لادانێکی پۆپۆلیزم لە مارکسیزم لە مەیدانە جۆراجۆرەکانی هەڵسووڕانی عەمەلی دایە :

1 ) شۆڕشگێڕیەتی وردەبۆرژوایی لە سنووری ئامانج و سیاسیەتی دیموکراتیك تێنا پەڕێ . تەشکیلاتی پۆپۆلیستی تەواوی پێناسەی سیاسی نەزەری خۆی لەوەدا دەبینێ و دەیبڕیتەوە کە بەرانبەر بە مەسەلە عەمەلی یەکانی بزووتنەوەو شۆڕشی دیموکراتیك هەڵوێست بگرێ. ئەو مەسەلانە کە بۆ حزبی کۆمۆنیست لە دائیرەی تاکتیك بەمانای بەرینی دەگونجێن, تەشکیلاتی پۆپۆلیستی پرۆلیتاریا لە بیردەباتەوەو قازانجی کاتی وقۆناغی (واقعی بێ یا خەیاڵی) دەکاتە قوتب نمای جولانەوەی خۆی. ئامانجی سوسیالیستی بۆ تەشکیلاتی پۆپۆلیستی دەبێتە ئامانجی غەیرە واقعی و تەجریدی، وە خەباتی تاکتیکی وەك تاقە خەباتی واقعی و کۆنکرێت، چاولێ دەکرێ. بەم بۆنەوە تەشکیلاتی پۆپۆلیستی ئامانجی سۆسیالیستی وبەرنامەی کۆمۆنیستی یە شتێکی زیادی و زینەتی دادەنێ یا بە شێوەی ئاکادیمیستی بۆی دەچێ . لەبەرانبەردا ڕێکخراوی کۆمۆنیستی ئامانجی سۆسیالیستی بە ئامانجێکی واقعی، عەمەلی و قابلی دەسپێ گەیشتین دەزانی و بەرنامەی کۆمۆنیستی دەکاتە خاڵی جولانەوەو چوارچێوەی هەڵسووڕانی عەمەلی خۆی، بەرنامەی کۆمۆنیستی بۆ کۆمۆنیستەکان بەرنامەی کارە بەرنامەیەکە بۆ بەدەستەوەگرتن .

2 ) لەنەبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی دا کە لە خەبات بۆ ریکخستنی پرۆلیتاریا لەسەر بناغەی قازانجی پایەداری چینایەتی خۆیدا قاڵ و خاراوبووبێ، قسە لە تاکتیك، بەمانای نەخشەیەکی ڕێك و پێك بۆ هەڵسووڕان لەسەر بناغەی ئوسووڵی پایەدارو لێکدانەوەی موشەخەس لە بارودۆخی موشەخەس، ناتوانی لە ئارادابێ. بەم جۆرە تەشکیلاتی پۆپۆلیستی خەسلەتێکی ئاکادیمیستی بەتاکتیك دەدا، تاکتێك وەك دەرخستنی نازنامە، تاکتیك وەك هەڵوێست ڕاگەیاندن، تاکتیك وەك سنووربەندی " تیئۆری-سیاسی لەگەڵ باقی هێزو حزبە سیاسی یەکان – ئەمەیە جێگای ئاکادیمستی تاکتیك، بۆ پۆپۆلیزم. لە بەرانبەردا تاکتیك بۆ ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی وحزبی کۆمۆنیست نەخشەکاری موشەخەس بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی پرۆلیتاریا لە ڕێرەوی ئامانجی بەرنامەیی و پایەداری سوسیالیستی لە هەل و مەرجی پڕئال و گۆری سیاسی و لەبەرانبەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی خەباتی عەمەلی دایە . تاکتیکی کۆمۆنیستی ، تاکتێکە بۆ بەدەسەتەوە گرتن و مەرجی پێویستی نزیك بوونەوەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر لە ئامانجە بەرنامەیی یەکانی خۆی .

3 ) لەبەر ئەوەی کە ئامانج و ئسوولێکی پایەدارو نەگۆڕی سۆسیالیستی ناروانێتە سەر سیاسەتی تاکتیکی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی، ئەم تەشکیلاتە هەر لە چنگ سیاسەتی ئۆپۆرتۆنیستی و تاکتیك– پرۆسە و ئەم بەروئەوبەر کردنی پەیتا پەیتای سیاسی دا، یەخسیر دەمێنێتەوە . نەبوونی ئوسوولی پایەداری بەرنامەی سوسیالیستی سەرچاوەی ئەسڵی ئەم باروبارکردنی تاکتیکی پۆپۆلیزم لە نیوان ئۆپۆرتۆنیزم و ئەنارشیزمدایە، سەرچاوەی ئاڵوزکاوی تەشکیلات و مەیل بە هەڵوەشاندنەوە لە سەر هەر پێچێکی تووندی سیاسی دایە. قایم ڕاوەستانی کۆمۆنیستی کان بەرابنەر بە سیاسەتە بۆرژوایی یەکان و ئال وگۆڕە سیاسی یەکانی وبەردەوامکاری وپتەوی تەشکیلاتی کۆمۆنیستەکان بەرهەمی پیوەندی تووندوتۆڵی نێوان بەرنامە و تاکتیکی کۆمۆنیستی و پەیرەوی کردنی تاکتیکە لە ئامانج و ئوسوولی بەرنامەی کۆمۆنیستی .

4 ) شۆڕشگێڕیەتی وردەبۆرژواى و مانەوەى لەسنوورى ڕێکخستنی پراتیکی شۆڕشگێڕانەو دیموکراتیکدا، دەبێتە هۆی ئەوە کە لە باتی چینی کریکار بە تایبەتی، توێژە دیموکراتەکانی کۆمەڵ بەعام ( گەل ) بکرێن بە مەوزووعی کاری ئەسڵی تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی تەشکیلاتی پۆپۆلیستی. تەنانەت کاتێکیش کە پۆپۆلیزم لە ناو چینی کریکاردا کار دەکاو هەڵدەسووڕێ ئامانجی ئەوکارو هەڵسوورانە، ڕێکخستنی سوسیالیستی وسەربەخۆی چینی کریکار نییە بەڵکو مەبەستی هێنانە مەیدانی چینی کریکار وەك هێزێکی " دیموکراتی شێلگیرە" . لەبەرانبەردا تەشکیلاتی کۆمۆنیستی پێش هەموو شتێك چینی کریکار دەکاتە مەووزعی کاری ڕێکخستنی سوسیالیستی چینی کریکار، بە تایبەت کریکارانی پێشڕەو و ڕابەرانی عەمەلی بزوتنەوەى کریکاری، وە ڕێك وپێك کردنی ڕیزەکانی چینی کریکار بۆ خەبات لە دژی بۆرژوازی بە ئەرکی هەمیشەى و سەرەکی خۆى دادەنی. تەشکیلاتی کۆمۆنستی کاتێك بۆ دیموکراسی خەبات دەکا، بە تایبەت کاتێك لە شۆڕشی دیموکراتیکدا خەبات دەکا، ئەوە دەکا بە ئامانجی خۆی کەڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتاریا پێك بێنێ ، زەحمەتێکشانی غەیرە پرۆلیتەرى لەژێر ئالای سیاسەتی پرۆلیتاریادا کۆبکاتەوەو ڕێکیان بخاو رابەرى پرۆلیتەرى بەسەر بزوتنەوەى دیموکراتیکدا دابنێن بکا .

5 ) پۆپۆلیزم بە حوکمی ماهیەتی سەرووچینایەتی ڕوانینە تەشکیلاتی یەکەى، ناچار جیاوازی عەینی چینی کریکار لە توێژە وردە بۆرژواکان لە باری جێگای کۆمەلایەتی یانەوە نەفی دەکا، هەربۆیە ئەفراد بە جیاوەبوو لە جێگاو ناونیشانی کۆمەلایتی – ئابووری یان وەك تاکە کەسی دابڕو لە کۆمەل لە ناو تەشکیلاتەکەی خۆیدا ڕێك دەخا. پۆپۆلیم لەکاری ڕێکخستن هەر تەنیا بەمانای تەسکی ڕێکخستنی تەشکیلاتەکەی خۆی تێ دەکاو ناتوانی چینی کریکار وەك چین ڕێك بخا. سللولی (خانەی) تەشکیلاتێکی پۆپۆلیستی لە کەسانێك پێك دێنی کە بۆ خەبات" کردن، لە پەیوەندە کۆمەلایەتی و چینایەتی یەکانی خۆیان دابڕاون و چوونەتە ناو " ڕێکخراو " و بەشێوەیەکی ئیختیاری لە پەنا یەکتر ڕیزکراون . لە بەرانبەردا ڕێکخستن بۆ کۆمۆنیستەکان بەمانای ڕێکخستنی پرۆلیتاریا وەك چینێکی کۆمەلایەتی یە کە بە حوکمی بوونی عەینی و کۆمەلاریەتی خۆی خەبات کارە، تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی، چینی کریکار لە شوینی ژیان و بەرهەم هینانـدا، ڕێك دەخاو ڕابەرى دەکا، شانەکان و خانە پایەکان لە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی و لە حزبی کۆمۆنیست دا لە کریکارانی پێشڕەو خەباتکارو لە ڕابەرنی عەمەلی بزوتنەوەى کریکاری، لە شوێنی ژیان و بەرهەم هێنان و هەڵسووڕانیاندا پێك دێ .

6 ) بەم جۆرە تەشکیلاتی پۆپۆلیستی دەبێتە ڕیکخراوێك لەناو خۆیدا کە خەباتی سیاسی نە بە حوکمی ئەو خەباتە عەینی یەی لەنێوان چینەکاندا جاری یە، بەلکو بە حوکمی خودی " ڕێکخراو" دیاری دەکا ، بۆ تەشکیلاتێکی پۆپۆلیستی خەبات دەبێتە خەبات لە بەنی " ریکخراو" و دوژمن دا، دوژمنێك کە هەر چەشنە سیفەتێکی چینایەتی لێ داتەکێنراوەو تارادەی " ڕژێمێك " هێنراوەتە خوارەوە لەوە تێپەڕناکا، هەر بەو جۆرە، کاری شورشگێران و بەدەستەوە گرتنی تاکتیکیش لای تەشکیلاتێکی پۆپۆلیستی لە سنووری کردەوەی ڕاستەوخۆی ئەندامەکانی خۆی وا وەتر ناچی، تاکتیك وئاکسیون بۆ ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستی، تاکتیك و ئاکسیونی ڕێکخراوەیی یە، نەك چینایەتی – جەماوەری . بێجە لەمانە تاقیکردنەوەی شۆڕشی ئێران تێ گەیشتنی پۆپۆلیسیتی لە خەبات تەنیا لە شێوەی ئاکسونی دا دەبینیێ و بەم بۆنەوە شێوەیەکی تایبەت لە یئکۆنۆمیزم، وە ئیکۆنۆمیزمی ئاکسیونی یا شوێن کەوتنی ئاکسیونی خۆبەخۆی جەماوەر یەکێکە لە خەسڵەتە عەمەلی یەکانی هەڵسووڕانی پۆپۆلیستەکان. بەسترانەوەی موتلەق بە ئاکسیون، چ ئاکسیونی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەیی یا ئاکسیونی خۆ بەخۆیی، پەردە لەسەر ناشیلگیربوون ، نەبوونی ئەردەموام کاری. سە تحیگەری سیاسی وکورت بینی وردەبۆرژوازی ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکان هەڵدەداتەوە. لە بەرانبەردا کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە چینی کریکار، ئەك و ئامانجی خۆیان بەوە داناوە کە کردەوەی ڕاستەوخۆی شۆڕشگێرانەی کۆمەلایەتی چینی کریکار لە دژی بۆرژوازی و دەوڵەتە بۆرژوایی یەکان، لەسەر بناغەی تاکتیك و شیعاری حزبی و لەژێر ڕابەری ڕێکخراوی حزبی دا، ڕێك بخەن. کۆمۆنیستەکان تاکتیك و ئاکسیون، وەك تاکتیك و ئاکسیونی چینایەتی، کە پێشڕەوانی وشیارو کۆمەلایەتی ڕێکخراوەی چینی کریکار دەبێ بە دەستەوە بگرن، چاولێ دەکەن و تەبلیغی دەکەن، وە چینی کرێکار وەك چینێکی کۆمەلایەتی بۆ بەدەستەوە گرتن و جێ بەجێ کردنی شیعارەکان و شێوەکانی خەباتیان بانگەواز دەکەن و ڕێکیان دەخەن .

7 ) زیاتر لە سێ سال هەڵسووڕانی پان و بەرین و بەدرێژایی شۆڕشی ئێران، خەسڵەتی وردەبۆرواى ناوەرۆك و ڕەوشتەکانی تەبلیغ و تەرویجی ڕێکخراوە پۆپۆلیستەکانی بەتەواوی ئاشکرا کردوە. تەرویج بۆ ڕیکخراوێکی پۆپۆلیستی زۆرتر " تەرویجی ناوخۆی ڕێکخراو" بووە کە بێجگە لە ڕوونکردنەوەو بەڕەوانیشاندانی ئاخرین هەڵوێستەکانی " ڕێکخراو" بۆ ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە، هیچ شتیکی تر نەبوو. وەك تریش

تەبلیغیش زۆر تر دێتە سەر دووپات کردنەوەی پەیتا پەیتای شیعاری و فۆرمووڵی کلێشەیی " هەڵوێستەکانی ڕێکخراو" بەرانبەر بەرووداوە سیاسی یە تازەکان، ڕیسواکردنی ئەخلاقی کاربەدەستانی سیاسی و دام ودەزگاکانی دەولەتی بۆرژوایی وهاندانی جەماوەری بێ شکل و ناریکخراو بۆ ئەوەی ئاکسیونە خۆبەخۆیی یەکانیان پەرە پێ بدەن و تووندو تیژی بکەنەوە. پۆپۆلیزم لە بەرەى بەرنامەیەکی پایەدارو پتەوى نیە، تەحدیدگەرایانە بۆ سیاسەت و خەباتی سیاسی دەچێ، ناتوانی خاوەنی خەت وڕیبازێکی تەبلیغی پایەدارو پتەوبێ. ڕووداوە سیاسی یەکان و سیاسەتەکانی بۆرژوازی دەبنە هۆی ئەسڵی دیاریکردنی ناوەڕۆکی تەبلیغی پۆپۆلیستەکان. بەم جۆرە تەبلیغ و تەرویج پۆپۆلیستی لەلایەك لەباری ناوەڕۆکەوە دەبێتە شتێکی پڕگرێ وگۆڵی ناڕوشن ، تێکەڵ لەگەل کۆمەڵێك وردەکاری ناسکی " تیئۆریك" لەلایەکی تریش لە کردەوەداو لە پەیوەند لەگەل " جەماوەر"دا بە ناچار تارادەی خواست و تێگەشتنی ئەوان ڕوویان تێ دەکا، دیتەخوار. ئاکسۆنیزم و شوینکەوتوو -بیزم تایبەتمەندی جیانەکراوەی پۆپۆلیزمە لە تەبلیغ و تەرویج دا. لەبەرانبەردا تەبلیغ و تەرویجی کۆمۆنستی کریکانی تیکۆشەرو کۆمەلانی کریکارو زەحمەتکێش دەگاتە مەوزعی کاری خۆی و ڕوو لەوان دەکات. تەبلیغ و تەرویجی کۆمۆنیستی ئامرازی سەرەکی وشیارکردنەوەی چینی کریکارە. و شارەزاکردنی لەڤازانجی خۆی و ریکخستنی ڕیزەکانی چینی کریکارو زەحمەتکێشان لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی عەمەلی دایە. بەرنامەو تاکتیکی کۆمۆنیستی خەسڵەتێکی قایم وپتەو، بێ ئەم باروئەوبار بەردەوام و پایەدار بە تەبلیخاتی کۆمۆنیستی دەبەخشی و ڕێگا دەدا کە تەبلیخاتی کۆمۆنیستی لەمەیدانە جۆراجۆرەکاندا بە گوێرەی مەسەلە موشەخەسەکانی خەباتی عەمەلی وبە پێی ئاستی تێ گەیشتوویی و زانیاری سیاسی ئەو کەسانە ڕوویان تێ دەکا، شکل و شێوەی جۆروجۆرە پەیدا بکا، لە هەمان کاتیشدا سیاسەتی تاکتیکی و تەبلیخاتی یەك جۆرو سەراسەری حزبی بەناوەڕۆکی

شۆڕشگێرانەو پێشڕەوییەوە، لە خۆیدا بنوێنی . تەنیا لەو حاڵەتەدا کە تیشکی بەرنامەو تاکتیکی کۆمۆنیستی لە تەبلیغ و تەرویج بدا، هەر کریکارو هەڵسوڕاێکی کۆمۆنست توانای ئەوەی دەبێ کەبەردەوام و شیلگیر ئەم ئەرکە گرنگە کۆمۆنیستی یە بەروپێش بەرێ .

8 ) ڕایەل وپۆی تەشکیلاتی ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستی لەڕوانین وڕێبازگرتنی تێکرا گەلی پۆپپۆلیزم، پەیڕەوی دەکا. شۆڕشگێڕیەتی وردەبۆرژوای و ڕێکخستنی ئەفرادی وەك تاکە ئینسانی جیاوەبوو لە جیگاو پەیوەندی عەینی کۆمەلایەتی ئابووری خۆی، زیاتر لەهەموو شت لەگەل جێگاو ڕێگای ئابووری – کۆمەلایەتی و وردەبورژوایی و بە تاییەت ڕووناکبیرانی وردەبۆرژوا سازگارە. تەشکیلاتی پۆپۆلیستی بە پێی ماهییەتی خۆی ناتوانی ببێتە تەشکیلاتێکی خاوەن ڕایەل وپۆی کریکاری. لەبەرانبەردا تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی لە ڕێبازی هەڵدانی خۆیدا ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە کرێکاران، خێزانە کریکای یەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کریکار و بۆ ناو ڕیزەکانی خۆی ڕادەکێشێ وڕێکیان دەخا.

9 ) تەشکیلاتی وردەبۆرژوایی پێکهاتووە لە ئەفرادی بێ ناوونیشان ( نازمامە )ی کۆمەلایەتی – چینایەتی، ناچار تەشکیلاتێکی مەحفلی، بێ بەردەوام کاری و ئاماتورە خەسڵەتی فەردی لە پەیوەندە تەشکیلاتی یەکانی ڕێکخراوێکی پۆپۆلیستی دا، ناوندیەتی ( سانترالیزم ) دیموکراتێك تاڕادەی لیبرالیزم، بیرۆکراتیزم ومەحفەلیزم دێنێتەخوار. لەبەرانبەردا تەشکیلاتی کۆمۆنیستی وەك تەشکیلاتیکی پشت ئەستوور بە ڕێکخراوبوونی ڕابەرنی عەمەلی خەبات چینی کریکار لەمەیدانە جۆراوجۆرەکان وناوچەکان و ناوەندەکانی بەرهەم هێنانی ئابووری دا کە لەژێر ڕابەری ناوەندێکی قایم و سەراسەریدا کار دەکەن، تەشکیلاتێك کە دەستەلات و نفووزی خۆی بە حوکمی پەیوەندی قوولی شانەکانی لەگەل پێشڕەوانی وجەماوەری چینی کریکار، بە دەست دێنی، تەشکیلاتێك کە هەر بەم بۆنەوە جۆلانەوەکەی خۆی لەر بناغەی بیرورا گۆڕینەوە بڕیاردانی دیموکراتیکی هەلسووڕان و تێکۆشەرانی خۆی لە مەیدانە جۆراجۆرەکانداو لەسەر بناغەی ڕێنوێنی و هاوئاهەنگی سەراسەری ئەم تیکۆشانە لەیەك ناوەندەوە دامەزراوە، تەنیا تەشیلاتیکی ئەو تۆ پێویستی بە بەڕێوە بردنی ناوەندیەتی دیموکراتیك بە مانای ڕاستەقینەی خۆی هەیە ودەشتوانی بەڕێوەی بەرێ. تەشکیلاتی پۆپۆلیستی هەربەم جۆرە لەباقی مەیدانەکان ووردەکاری یەکانی تری هەلسوڕانی عەمەلیی، وەك خەبات لە دژی پۆلیسی سیاسی، دابین کردنی ماڵی و ماددی هەلسووڕانی تەشکیلات وشتی تریشدا، خەسلەتی وردە بۆرژوایی مەحفەلی و دابڕوای لە چینی کریکاری لە خۆی نیشان داوە. بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ میراتی عەمەلی پۆپۆلیزم لە هەموو ئەم ڕێبازانەدا فڕێ بداو سیاسەتی پرۆلیتەری خۆی لەگشت مەیدانەکان و وردەکار یەکانی هەڵسووڕانی عەمەلی دا وردبکاتەوەو بەدەستەوە بکرێ .

6- بە دەستەوە گرتنی ڕەوشتی بۆلشەویکی لە پراتیکی تەشکیلاتی دا ئەرکێك نیە کە بۆ دوای پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیست دابنرێ، یا تەنیا هەر لەدەستووی حزبی کۆمۆنستدا بێ، بەڵکوو هەمیشەو لەگشت هەل ومەرجیکدا ئەرکی هەموو شانەکان وگروپ وڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانە :

حزبی کۆمۆنست بە دەستی کۆمۆنیستەکان پێك دی و کۆمۆنیستەکان خۆیان لە پێشدا دەبێ لە پێناوی نەزەری و عەمەلی خۆیاندا لە هەر دوو بارەوە کۆمۆنیست بن. ڕەوشتی عەمەلی کۆمۆنیستی، ڕێك وەك ڕوانگەی نەزەری بەرنامەیی مارکسیزمی شۆڕشگێر، بەشێك لە پێناسی کۆمۆنستی مانە و بەهەمان ڕادە لە دەستووری کاری هەموو تەشکیلاتێکدایە کە لە هەول ومەرجی نەبوونی حزبدا، بۆ پێکهێنانی حزب و بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوەی چینی کریکار خەبات دەکا. ئێمە دەبێ لە ڕیزەکانی خۆماندا لە دژی ئەو ڕوانگەو بۆچوونانە کە بە دەستەوە گرتنی ڕەوشتە عەمەلی یە کۆمۆنیستی یەکان تا پێکهاتنی حزب وە دوادەخەن و بە بیانووی نەبوونی حزب هەڵسووڕانی عەمەلی خۆیان هەر بەشێوەی پۆپۆلیستی درێژە پێ دەدەن وپاکانەی بۆ دەکەن، وەك لادانێکی تیئۆری لە مارکسیزم و وەك بەرهەڵستێکی عەمەلی سەر ڕێگای پیکهێنانی حزبی واحید و سەراسەری پرۆلیتاریای شۆڕشگێری ئیران، لیبڕاوانە خەبات بکەین. هەر تەنیا ئەو هەڵسووڕانە ئەو کادرانەو ئەو ڕێکخراوانە کە بتوانن لە هەردوو مەسەلەی تیئۆری و پراتیکدا خۆیان لە هێزە سیاسی یەکان چینە غەیرە پرۆلیتەری یەکان جیا بکەنەوە، بە مانای ڕاستەقینەو عەمەلی توانای دروست کردنی حزبی کۆمۆنیستی ئیران دەبێ .

پیاچوونەوەی وەرگیران ( ڕێبوار عارف )